**بۆکان لە مێژوودا (٤١٢)** **ئەنوەر سوڵتانی**

## چەند مێژووی دیکەی ئەدەبی کوردی




لە سێ بەشی ڕابردوودا باسی سێ مێژووی ئەدەبم کرد بۆناسینی ئەدیبان و شاعیرانی کوردی ناوچەی بۆکان. بەڵام جیا لەو سێ سەرچاوە سەرەکییە، هەندێک مێژووی دیکەش هەن کە تێیاندا باسی کەسایەتییە ئەدەبییەکانی بۆکان کراوە.

### ١. ڕیسالەی "ئەنجومەنی ئەدیبان" ی ئەمین فەیزی بەگ.

ئەوە بێگومان یەکەم هەنگاوە کورد لە پێناو نووسینی مێژووی ئەدەبی خۆیدا هەڵیهێناوە. یەکەم جار لە ساڵی ١٣٢٠ واتە ٣٣ ساڵ پێش مێژووی ئەدەبی عەلائەددینی سەجادی، لە ئەستەمووڵ چاپ کراوە و جارێکی دیکە بە سەرەتایەکەوە لە ساڵی ١٩٨٣ دا لە لایەن کۆڕی زانیاری عیراق دەستەی کوردەوە چاپ کراوەتەوە. لە ئەنجومەنی ئەدیباندا کورتەیەک لە ژیان و نموونەی شیعری چەند شاعیری کورد وەک شێخ ڕەزای تاڵەبانی و نالی و سالم بەرچاو دەکەون.

بەڵام ئەوەی ناوچەی بۆکان بگرێتەوە، تەنیا "ئەحمەدی کۆر"ە. سەبارەت بە ئەحمەدی کۆر ئەمین فەیزی نووسیویەتی:

"ئەهلی تەرەفی سابڵاغە، عالم نەبووە ئەمما شیعری بە غایەت موزەییەن و غایەت عارفانەیە. ئەو نەعتی ڕیسالەتە کە لەم ڕیسالەیەدا موندەریجە، هەموو موزەییەنە بە سەنعەتی ڕەدعەجوز لە سەر صەدر. ئەحمەدی کۆر لایقە مولەققەب بێ بە "شاعیری پێغەمبەر". کەلامی هەموو پڕ سۆز وگودازن."

پاشان ئەو شیعرە ناسراوەی ئەحمەدی کۆریشی هێناوەتەوە کە دەڵێ:

"دڵبەرا! پەی ڕووی فیراقت دڵ دەناڵێ وەک ڕوباب

بەو دوو ئەبرۆی میثلی طاقت بەندی جەرگم بوو کەباب...."

لە چاپی دووهەمی ئەنجومەنی ئەدیباندا کە کۆڕی زانیاری بەڕێوەی بردووە، ئامادەکارانی کارەکە زانیارییەکی زیاتریان لە سەر ئەحمەدی کۆر ڕاگەیاندووە وەک ئەوەی گوتوویانە:

"لە گوندی 'شیوە سماک' ی سەر بە سابڵاخ[9] لە دایک بووە. چۆتە ئاوایی عەمبار و لەوێوە بۆ سلێمانی و پاشانیش سابڵاخ." هەروەها لەوێدا ڕەخنە لە دیوانی ئەحمەدی کۆر چاپی سەیدیان گیراوە کە "شتی پڕوپووچی سەبارەت بە ئەحمەدی کۆر تێدا نووسراوە." (ل. ٣٢). من ئەو چاپەم نەبینیوە و نازانم بۆچوونەکە چەندە ڕاستە، کاری سەیدیان هەرچەند جێگەی ڕەخنە بێت و ناتەواویی تێدا بێت بەڵام بۆ بارودۆخی ئەو ساڵانە جێگەی پێزانینە و لە هەڵسەنگاندنەکاندا باش وایە یەکلابین نەبین.

**٢. تاریخا ئەدەبیاتا کوردی، نووسینی پرۆفیسۆر قەناتێ کوردۆ، چاپی سوئێد، ١٩٨٥.**




---

[9]. ئەوەندەی بزانم گوندی شیوە سماک سەر بە شاری شنۆیە.

من بەرگی یەکەمی کتێبەکەم نەبینیوە و ناشزانم بەرگی سێهەمی هەیە یان نا. بەڵام بەرگی دووهەمی ئەم کتێبە بەنرخەم هەیە کە تەرخانی "شیعربێژ و هەڵبەست بێژێن سۆرانی" کراوە و شاعیرانی وەک نالی و کوردی و حاجی قادری کۆیی تا گۆران و بێکەس و هەژاری گرتۆتە بەر. ژیننامە و نموونەی شیعری هەرکامیان هاوڕێ لەگەڵ نموونەیەک یان دوانی شیعرەکانیان بە ئەلف و بێی لاتینی دراون بە دەستەوە. هیچ شاعیرێکی بۆکانی لە کتێبەکەدا ناوی نەهاتووە تەنیا مامۆستا هەژار نەبێ کە بە شێوەیەک ژیانی بە بۆکانەوە پەیوەندی هەیە و لەم زنجیرە وتارەی منیشدا هەمیشە خراوەتە بەر باس، ئەویش بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە بەشێکی زۆر لە ژیانی سەردەمی لاویەتی و ئەندامیەتی کۆمەڵەی ژێکاف و هەڵسووڕاویی سەردەمی کۆماری کوردستانی مامۆستا لە بۆکان و گوندی شەرەفکەندی نزیک بۆکان بووە و لای خەڵکی بۆکان ڕێزی تایبەتی هەیە.

لە کتێبەکەدا ژیننامەیەک بۆ مامۆستا هەژار نووسراوە کە تەنیا ساڵی لەدایکبوونی ئەوی تێدا نووسراوە (١٩٢٠)لەبەر ئەو هۆیەی کە لە کاتی چاپبوونی کتێبەکە (١٩٨٥) تا پێنج ساڵ دوای ئەویش مامۆستا هەژار لە ژیاندا بوو. ١٤ پارچە شیعری مامۆستاش کراونەتە کرمانجی ژووروو و بە پیتی لاتینی نووسراونەتەوە: هەر کوردم، ستڕانا پێشمەرگان، قەل و بلبل و....

### ٣. "شعر و ئەدەبیاتی کوردی" نووسینی مامۆستا ڕەفیق حیلمی

بەرگی یەکەم و دووهەمی کتێبەکە بۆجاری دووهەم لە ساڵی ١٩٨٨ لە یەک بەرگدا بڵاو کراونەتەوە کە ژیان و بەرهەمی ٢١ شاعیری کوردی لەخۆی گرتووە بەڵام هیچکامیان ناوچەی بۆکان ناگرنەوە.

### ٤. "شیعری کوردی – ژیان و بەرهەمی شاعیرانی" نووسینی دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ

بەشی یەکەمی کتێبەکە تەرخانی فەقێ تەیران، عەلی بەردەشانی و بەختیار زێوەر کراوە کە هیچکامیان ناوچەی بۆکان ناگرنەوە. بەشی دیکەی کتێبەکەشم چاو پێنەکەوتووە و نازانم ئایا هەیە یان نا.